The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
CAK
chak_org@yahoo.com

# بانگەوازێک لە ناوەندی چاک / سوێد

## بۆ سەرجەم پارت و ڕێکخراو و دام دەزگا کوردییەکانی  سوێد

هەروەک هەموولایەک ئاگادارن، دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا بە بڕیارە بۆ هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان و بە دەیان هەزار سەربازیان لەسەر سنوور مۆڵ داوە. هێرشی ئەمجارەی تورکیا بۆ سەر هەموو نەتەوەی کوردە نەک پارتێک و پارچەیەکی کوردستان. ئێمە لە ناوەندی چاک وەک هەمیشە دەمانەوێت لەگەڵ ئازاری نەتەوەکەماندا بین و داکۆکی لە مافە ڕەواکانمان بکەین، بۆ ئەو مەبەستە دەست دەکەین بە هەلمەتێکی  پرۆتستۆکردنی نامە ناردن  بۆ ناوەندە سیاسی و میدیاکانی ولاتی سوێد ،  وە لە نزیکترین  کاتدا خۆپیشاندانێکی گەورەی سەرتاسەری لە پایتەختی سوێد ستۆکهۆڵم ڕێکدەخەین، بۆیە داوا لە هەموو لایەن و پارت و تاکێکی کورد دەکەین، وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆڤانە، هیواخوازین بە هاوبەشی ئەنجامی بدەین . با بۆ جارێکیش بێت هەموو بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیایەک بخەینە لاوەو بە یەک دەنگی بەشداری لەم خۆپیشاندانەدا بکەین.

لە داهاتوویەکی نزیکدا، کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە ڕادەگەینین.

بۆ زانیاری زیاتر دتوانن پەیوەندی بەم ژمارە تەلفون و ئیمەیلەوە بکەن :

ژمارەی تەلفون:

0737616771

0735366757

ئیمەیل: ***chak_swid@yahoo.se***

**ناوەندی چاک / سوێد**

**٢٠٠٧/١٠/١٧**

www.chak.be
chak_org@yahoo.com